هونەرمەند عەلی کەریم: ئاوێتەی ڕەهەندی سایکۆلۆژی و کۆمەڵایەتی کارەکتەرەکانم دەبم

عەلی کەریم ناوێکی دیاری نێو بواری هونەری نواندنی کوردستانە، نزیکەی چل ساڵ دەبێت لەو بوارەدایەو تا ئێستاش بەبێ ماندووبوون بەردەوامە، بێ گوێدانە بارودۆخە سەختە و دژوارەکانی کوردستان بەتایبەتی لە بواری نواندندا.

لە لێدوانێکیدا بۆ گوڵان دەربارەی نهێنیی گوزارشتکردنی لە کاراکتەرەکانی بە شێوەیەکی سەرکەوتوو دەڵێ: من لە گشت کارەکانمدا چ شانۆ، یان دراما، یان سینەما لەگەڵ سیناریۆی کارەکە دەکەومە ململانێیەکی دژوارەوە تا پەی بە هەموو نهێنییەکانی نێو سیناریۆکە بەرم و کارەکتەرەکەی تایبەت بە خۆیشم بە قوواڵی دیراسەت بکەم تا رادەی ئاوێتە بوون بە هەموو ڕەهەندە سایکۆلۆژی و کۆمەڵایەتی و لایەنەکانی تری، چونکە گرنگە ئەکتەر لەگەڵ کاراکتەرەکەی ڕاستگۆ بێت و بە قوواڵی مامەڵە لەگەڵ وردەکارییەکانی ناو ڕووداوەکان بکات، هەوڵ دەدەم تا بتوانم هیچم بەسەردا تێپەڕ نەبێت، بینەرەکانیشم شایەدی کە وردم و بە قوواڵی دەچمە نێو کاراکتەرەکانی سیناریۆکە، تێگەیشتن و کاردانەوەکان لەکاتی خوێندنەوەی سیناریۆکە بە وردی دیراسەت دەکەم.

لە بارەی دواییین کارەکانی و ئەو ڕەخنانەی ئاراستەی دەکرێن گوایە شێوازی نواندنی لە دراماکانیشدا زیاتر لە شانۆوە نزیکە هونەرمەند عەلی کەریم دەڵێ: لە ساڵی ٢٠١٤ هونەرمەند لوقمان غەریب باسی لەوە کرد کە پرۆژەیەکی بەدەستەوەیە بۆ بەرهەمهێنانی (٥) فیلمی سینەمایی لەسەر ئەرکی ناوەند گاڤ، ئەوە بوو لە ٢٠١٥/٣/١٥ دەستکرا بە کار کردن لە فیلمی یەکەم بەناو (دانیشتووانی عەلیاوا) کە لە سیناریۆ و دەرهێنانی هونەرمەند لوقمان غەریب بوو، لە ماوەی چەند مانگێك بەرهەمهێنرا، دوای ئەوە هەر لەو ساڵەدا کار کرا لە فیلمی دووەم هەر لە سیناریۆی لوقمان غەریب بە ناوی (بازاڕی کۆنەفرۆشان) دواتریش فیلمی (گوڵچین و خەیاڵەکانی ڕۆستەم)، دیارە لەو (٣) فیلمە چەندین ئەکتەری بە توانا بەشدار بوون وەك (عەبدولی حەمە جوان، حەمە ڕەشید هەرەس، دلێر مستەفا، غەفوور عەبدوڵا، مردەو محەمەد، شاناز محەمەد، عەلی توانا، حەمە سەعید ئیبراهیم، هیوا ڕەئوف و چەندانی تر)، کارەکانیش بە سیستمی (HD) و کامیریا (٤K) کراون، سەبارەت بە نواندنی خۆمەوە، گوایە نواندنم شانۆیی پێوە دیارە، ئەو حاڵەتەم ڕەت کردووەتەوە و لەم فیمانەدا تێپەڕاندووە، شانازیش بەم بەرهەمانەوە دەکەم، هێشتا لە پرۆژەکە دوو فیلم ماوە و ئەوەندەی بزانم فیلمی چوارەمیان بە ناوی (یوسف ناگەڕێتەوە) دەبێت.

تیرۆن: بەرگری لە رۆژنامەنووسان دەکات

چارلز تیرۆنی خانمە ئەکتەری ناسراوی هۆڵیوود لە نوێترین فیلمی خۆیدا بەرگری لە ئافرەتە رۆژنامەنووسەکان دەکات، ئەوانەی تووشی دەستدرێژی و گێچەڵی سێکسی دەبنەوە لەلایەن بەرپرسەکانیان و سیناریۆی فیلمەکەش لە رووداوێکی راستەقینە دەکات کە یەکێک لە بێژەرە ئافرەتەکان رووبەڕووی بۆتەوە لەلایەن بەرپرسەکەیەوە.

فیلمەکە باس خانمە بێژەر میجین کیلی دەکات کە لەلایەن رۆجر ئیلزی بەرپرسی تووشی دەستدرێژی سێکسی بووە، هەروەها باس لەو ئافرەتانەش دەکات کە لە کەناڵەکە کاریان کردووە، سیناریۆی فیلمەکە لە یاداشتەکانی کیلیی تەمەن ٤٢ ساڵ وەرگیراوە کە لە ساڵی ٢٠١٦ بڵاوی کردۆتەوە، ئەو کاتەی کە پارێزەر بوو لە تۆڕی فۆکس نیوز بۆ ماوەی دە ساڵ.

دواتر کیلی وەک بێژەر لەو کەناڵە کاری کرد و بەرنامەی میلی فایلزی پێشکەش کرد، لە یاداشتەکانیدا باس لەوە دەکات چۆن خۆی و چەندین ئافرەتی دیکەی هاوپیشەی رووبەڕووی دەستدرێژی سێکسی بوونەتەوە، هەروەها پەنجەی تۆمەت بۆ ئیلز درێژ دەکات و بە ئەنجامدەری دەستدرێژی تۆمەتباری دەکات.

کاشمیرا: باس لە دایکایەتی دەکات

یەکێک لە ئاواتە خانمە ئەکتەران ئەوەیە کە رۆژێک لە رۆژان ژیانی هاوسەرێتی پێک بهێنن و ببن بە دایک، چونکە بەشێکی زۆریان لە هاوسەرگیریدا سەرکەوتوو نابن، یاخود ناتوانن بەردەوام بن لە پرۆسەکە و بە جیابوونەوە کۆتایی دێت، بۆیە پەنا بۆ شێوازی جۆراوجۆر دەبەن بۆ ئەوەی لە دایکایەتی بێبەش نەبن.

خانمە ئەکتەری بۆڵیوود کاشمیرا شاە و کروشنا ئەبهیشیکی هاوسەری پەنایان بۆ شێوازی منداڵبوون لە منداڵدانی ئافرەتێکی دیکەدا بردووە، لەم بارەوە کاشمیرا لە دیمانەیەکیدا بۆ (TimesofIndia. com) دەڵێ: چەندین جار هەوڵمدا کە منداڵم ببێت کە گەیشتە ١٤ جار، بەڵام لە هەموویان سەرکەوتوو نەبووم، بۆیە سەلمان خانی هاوکارمان ئامۆژگاریی کردین کە بەو شێوەیە منداڵمان هەبێت و ئەمەی بە ڕێگایەکی سەرکەوتوو و باش زانی، ئێمەش لەسەر ئامۆژگاری سەلمان خان ئەو شێوازەمان تاقیکردەوە و ئێست خاوەنی دوو منداڵین، سەرەتا زۆرمان ئازاری دەروونی چەشت بە هۆی سەرنەکەوتنم و تا راددەیەک بێ ئومێد بووین، بەڵام دواتر ئازارەکانمان بوو بە خۆشی و شادی.

کاشمیرا هەروەها دەڵێ: بۆ ماوەی سێ ساڵ لەسەر یەک هەوڵمدا و سەرکەوتوو نەبووم و ئازاری زۆری دەروونی وگرفتی تەندروستیی، بۆیە لە کۆتاییدا پەنام بردە بەر پیتاندنی دەستکرد، خەڵک وایان بڵاوکردەوە کە من لە پێناو هێشتنەوەی بااڵم بە جوانی ئەو کارەم کردووە، بەڵام لە راستیدا من جوانی بااڵ و تەندروستی خۆشم لە دەستدا، چونکە بەردەوام دەرمانم دەخوارد، کە زیانی زۆری بە تەندروستیم گەیاند. زۆر شتیان دەربارەی من بڵاوکردەوە، بەڵام ئەوەی راستی بێ، هەموو شتێکی ژیانم درەنگ رووبدا هەر لە پێکهێنانی ژیانی هاوسەریەوە تا دەگاتە رازیکردنی بەوەی پێویستە منداڵمان هەبێت و ئێمەش لەو نیعمەتە بێبەش نەبین.

دلبەر جزیری:

کەسانێک هەن ڕێگری دەکەن لە کوردستان کۆنسێرت ساز بکەم

لە تەمەنێکی زووەوە دلبەر جزیری ڕووی لە هەندەران کرد و لە ئەڵمانیا گیرسایەوە، هەرچەندە وەک خۆی دەڵێ بە هیچ شێوەیەک جگە لە کۆنسێرتەکانی دەرەوەی وڵات نەبێت، هیچ هاوکارییەکی لە کەس وەرنەگرتووە و گشت کارەکانی لەسەر ئەرکی خۆی ئەنجامداوە، بەڵام دووپاتی دەکاتەوە کە بەردەوام دەبێت و کۆڵ نادات لەو ڕووەوە، لە دەرفەتێکدا چەند پرسیارێکمان ئاراستەی خاتوو دلبەر جزیری کرد، کە بەم شێوەیە وەڵامی دایندەوە.

*** پێش چەند ساڵێک باسی ئەوت کردبوو کە کاری هونەری لە ئەورووپا سەختە، ئێستاش بە هەمان شێوەیە؟**

- بێگومان هەروایە، بەتایبەتی بۆ هونەرمەندانی کورد، چونکە ئێمە بە ناچاری لە ئەورووپا گیرساینەتەوە و لەوێ نیشتەجێین، هەروەها میدیای کوردی و شوێنی بڵاوبوونەوەی بەرهەم و جەماوەری هونەریش هەر لە کوردستانن نەک لە ئەورووپا، چەند جاری دیکە باسم کردووە ئێستاش دووبارەی دەکەمەوە خۆزگە هاریکاری زیاتری هونەرمەندان دەکرا، من ماوەیەکی زۆرە لە بواری هونەریدام تا ئێستا جگە لە مافی خۆم کە لە سازکردنی کۆنسێرتەکان وەریدگرم، بە هیچ شێوەیەک هاریکاری نەکراوم و ئەوەی کە لە کۆنسێرتەکانیش دەستم دەکەوێت، دووبارە لە کاری هونەریدا خەرجی دەکەمەوە، ئەمەش زۆر زەحمەتە.

*** ئەگەر کاری هونەری بەو شێوەیە زەحمەت بێت تۆ وەک دلبەر جزیری تا چەند دەتوانی بەردەوام بی؟**

- ئەوەی ڕاستی بێت بەهۆی ئەو گرفتانەوە زۆر جار گەیشتمە ئەو باوەڕەی کە دەست لە کاری هونەری هەڵگرم، بەڵام دواتر بیرم لەوە کردۆتەوە کە خوا بەهرەیەکی پێ بەخشیوم ئەویش دەنگخۆشییە و و کەسانێکی زۆر هەن بەتایبەتی لە وڵاتی ئەڵمانیا لە دڵەوەحەزیان لە دەنگی من کردووە و باسی ئەوەیان کردووە کە من خاوەن بەهرە و توانایەکی زۆرم و پێویستە کە بەردەوام بم، ئەمەش جۆرێک بووە لە هاندان بۆ من، بۆیە سەرەڕای ئاستەنگەکان گوتوومە دەبێ بەردەوام بم.

*** لەوەوە بۆمان ڕوون دەبێتەوە کە تائێستا کەس هاوکاری نەکردووی و گشت کارەکانت لەسەر ئەرکی خۆیت ئەنجامداوە؟**

- تا ئێستا وەک باسم کرد جگە لە کۆنسێرتەکان

نەبێت گشت کارەکانم لەسەر ئەرکی خۆم
ئەنجاممداوە و هیچ لایەن و کۆمپانیا و سپۆنسەرێك
نەبووە هاوکاریم بکات ئەمەش زۆر زۆر زەحمەتە، بەڵام
تا بتوانم بەردەوام دەبم. ئەوەی زۆریش نازاری داوم ئەوەیە کە
هاوکاری خەڵکانێکی زۆر کراوە، بەڵام نازانم بۆچی تا ئێستا من بە
هیچ شێوەیەك نەکردووم و هیوادارم هەواداراني دەنگی من ئەو راستییە
بزانن.

*** باشە دەتوانین بزانین تا ئێستا چەند پارەت لە کارەکانت خەرج کردووە بە شێوەیەکی گشتی؟**

- ناتوانم ١٠٠٪ ئەو بڕە پارەیە دیاری بکەم کە لە کارەکانمدا خەرجم کردووە، بەڵام زۆرم خەرج کردووە، دەتوانم بڵێم بەو پارانەی کە لە هونەردا خەرجم کردووە دەتوانی خانووەکی گەورەی پێ بکڕم، بەڵام کەسێك کە کاری هونەری هەڵبژێرێت نابێ چاوی لەوە بێت چەند قازانجی دەست دەکەوێت.

*** لە تۆڕە کۆمەڵایەتییەکان زۆر باس لەوە دەکرێت کە دلبەر جزیری گرنگییەکی زۆر بە جلوبەرگەکانی خۆی دەدات و هەوڵ دەدات وەك مۆدێلێك دەرکەوێت، ئەم قسانە لە چییەوە سەرچاوەیان گرتووە؟**

- زۆر سوپاسی ئەو کەسانە دەکەم کە باسیان لە جلوبەرگی من کردووە، دیارە ستایلەکانی منیان پێ جوان بووە بۆیە قسەیان لەسەر کردووە، ئەوەی راستی بێت من هەر لە منداڵییەوە زۆر حەز لە فاشیون دەکەم و تەنانەت زۆر لە ئاژانسەکانی فاشیۆن لە ئەڵمانیا هەر لە تەمەنێکی بچووکەوە داوایان لە من دەکرد بچمە ئەو بوارەوە، بەڵام من ئەو کات ئارەزووم نەبوو بچمە ئەو بوارەوە، بەڵام ئێستا جیاوازە مەبەستیشم ئەوەیە کە ئافرەتانی کورد و بیانییەکانیش ببینن کە ئێمەی کوردیش لە بواری فاشیون دەتوانین کار بکەین و سەرکەوین لەو بوارەدا و ئەو جوانییە لای ئێمەش هەیە، تەنانەت من هەست دەکەم ئەو جوانییەی کە ئافرەتی کورد هەیەتی لە زۆر شوێنی دیکە بەو شێوەیە نییە، بەڵام پێویستە لەو بوارەدا دەرکەون و بیخەینە بەرچاوی میللەتی خۆشمان بەر لە میللەتانی دیکە.

*** بەڵام رەخنەی ئەوەشت لێدەگیرێت کە تەنیا مەبەستی تۆ خۆنمایشکردنە بۆ ئەمانە چی دەڵێی؟**

- نەخێر، بڵاو کردنەوەی ئەم وێنانەم تەنیا بۆ خۆنمایش کردن نییە، وەك باسم کرد ئارەزووم لە فاشیونە وەك هەر کەسێکی دیکە، بۆ زانیاریتان کەسانی زۆر حەز لەو ستایلانەی من دەکەن و پرسیاریشم لێدەکەن لەو بوارەوە. ئەگەر مەبەستم تەنیا شۆ بێ، ئەوا دەچم لە کەناڵێکی تایبەت بە شۆ دەردەکەوم و پێویست ناکات پشت بە سۆشیال میدیا ببەستم.

*** سازکردنی کۆنسێرت بۆ هونەرمەند چەند گرنگە، ئایا هەستت بە نادادپەروەری کردووە لە نێو هونەرمەنداندا؟**

- بەداخەوە من تا ئێستا هیچ کۆنسێرتێکم لە کوردستان ساز نەکردووە تا درك بەو نادادپەروەرییە بکەم، بەڵام بۆ کوردانی هەندەران بوونی کۆنسێرت و ئاهەنگ زۆر گرنگە کە لە غەریبی بۆ ساتێکیش بێت لە نێو کەشوهەوای هونەری کوردیدا بژیت، جگە لەوە کەسانی ئەوروپیش هەن حەز لە دەنگی هونەرمەندانی کورد دەکەن و دەیانەوێ بیانبینن، بۆ زانیاریتان من تا ئەم دواییە نەمدەزانی کە کەسانێك هەن لە چین و رووسیا حەز لە دەنگی من دەکەن، ئەمەش مایەی خۆشحاڵی منە.

من وەك هونەرمەندێك حەز دەکەم هەمیشە لە جەماوەر و هەواداراني خۆمەوە نزیك بم، خۆزگە خۆزگە لە کوردستان کۆنسێرتێکم ساز کردبا، بۆ ئەوەی منیش لە نزیکەوە جەماوەری خۆم ببینم و بەرهەمەکانم لە ولاتی خۆم پێشکەش بکەم، زۆر جار کۆنسێرت هەبووە لە کوردستان کە دەکرا من یەکێك بم لە بەشداربووان، بەڵام کەسانی سەرپەرشتیار رێگایان نەداوە من بەشداریی بکەم، ئەمەش بۆ من مایەی شۆك بوو، چونکە هیچ هۆکارێك نەبوو کە رێگام پێ نەدەن، یان ئاستەنگ لەبەردەم بەشداربوونم دروست بکەن، ئەمەش یەکێکە لەو جیاوازییانەی کە لە بواری هونەردا هەیە لە نێوان ئەوروپا و کوردستان، بەداخەوە بۆ ئەو جۆرە نادادپەروەرییەی کە هەیە، هۆکارێکە بۆ سەرنەخستنی هونەری کوردی.

لە مانگی ڕەمەزانی پیرۆزدا (دوابڕیاری یاقوب) دەبێتە میوانی ماڵەکانتان

لوقمان غەریب:

لە ڕووی ناوەڕۆک و شێوازی بەرهەمهێنانەوە هەنگاوێکی گەورەیە لە مێژووی دراماى کوردی

لوقمان غەریب دەرهێنەری دراماى (دوابڕیاری یاقوب) لە ساڵی ٢٠١٢ زنجیرە دراماى (دوابڕیاری یاقوب)ی بەرهەمهێنا کە زیاتر لە (٦٥) ئەکتەر ڕۆڵیان تێیدا گێڕا، لەو بەرهەمەدا (١٤) ئەکتەری نوێ بەشداریان کرد و سەرەڕای ئەوەی یەکەم جاریان بوو بێنە بەردەم کامیرا، بەڵام زۆر سەرکەوتووانە ڕۆڵیان گێڕا، (دوابڕیاری یاقوب) پێکدێت لە (٤٠) ئەڵقە و ماوەی هەر یەکیان (٤٠) خولەکە و لەلایەن کۆمپانیای «بابیلۆن» و ناوەندی «گاڤ» بۆ بەرهەمهێنانی هونەریی کاری بەرهەمهێنانی بۆ کراوە، ئەم ساڵیش لە مانگی ڕەمەزاندا و لە ڕێگای کەناڵی کۆرەک تیڤیەوە دووبارە دەبێتەوە میوانی ماڵەکانتان.

لوقمان غەریب دەرهێنەری دراما (دوابڕیاری یاقوب) لە بارەی بەرهەمەکەیەوە دەڵێت: ئەو ستایلەی کارم لەسەر کردووە، ستایلێکی ڕەخنەگرانەی کۆمەڵایەتی یا کۆمیدیە، لەو بەرهەمەشدا هەنگاوێکی تازەم هاوێشتووە، ئەویش کارم لەسەر دەقێکی تازە کردووەو لە نووسینی ئەو دەقەدا هەوڵمداوە ئەم جارە ڕەخنەیەکی واقیعییانەو کەمتر کۆمیدیا بەکار بهێنم، چەند ڕوویەکی دیکەی دیاردەکانی ئەمڕۆی کۆمەڵگەی خۆمان لەو دراما‌یەدا بخەمەڕوو، کە لە ئێستادا بەشێکی زۆری خەڵک بە دەست ئەو دیاردە نالەبارانەوە دەنااڵێنن و پێویستە لە ڕێگەی دراما نیشانی بینەری بدەین. لەم دراما‌یەدا تەنیا ناوەندی «گاف» بۆ بەرهەمهێنانی هونەری لەپشت کارەکەم بووە، ئەویش ناوەندێکی ئەهلی و سەربەخۆیە، هەر بەرهەمێکمان بەرهەم هێنابێت، خۆمان پارەمان بۆ دابین کردووە، پاشان لەگەڵ تەلەفزیۆنێك، یان کۆمپانیایەك ڕێك کەوتووین و بڵاومان کردۆتەوە، بۆیە لەگەڵ ڕێزم بۆ وەزارەتی ڕۆشنیری من لە ئێستادا تەنیا لەگەڵ تەلەفزیۆنەکان مامەڵە دەکەم».

دەربارەی شێوازی کارکردن لەو دراما‌یە و جیاوازیی لەگەڵ کارەکانی پێشوی لوقمان غەریب دەڵێ: ئەو دراما‌یە لە ڕووی ناوەڕۆك و شێوازی بەرهەمهێنان و تەنانەت وێنەگرتنیشەوە، هەنگاوێکی گەورەیە لە کارەکانی من و هەنگاوەکانی ئێستای دراما‌ی کوردی، بەو فۆرمەی پێشووم کارم نەکردووە، چونکە من ئەگەر کار لە دوای کار، نەزانم شتێکی تازەم هێناوەتە بوون، دڵنیام کاری تێدا ناکەم، لە دوای نمایشەکەی ئێتر پێموایە بینەران و چاودێرانی هونەریی ئەو هەنگاوە دەبینن». گوتیشی: «بێگومان ئەوە ئەرکێکی زۆر گرانە، بەڵام لە کاتێکدا دەبینن لەکوردستان، تا ئێستا سیناریۆنووس و نووسەری ئەوەندە زۆرمان نییە، بەردەوام پشتیان پێ ببەستین، ئەگەر هەشبێت ڕەنگە نەتوانێ ئەوەی ئێمەی دەرهێنەر، یاخود من دەمەوێ بۆم بنووسێت، چونکە دەرهێنەر زۆرجار بەدەست دەقێکەوە دەنااڵێنێت و نازانێت چی لێ بکات و چۆن مامەڵەی لەگەڵ بکات، ئەگەرنا چی لەوە خۆشترە من تەنیا کاری دەرهێنان ئەنجام بدەم و خەریکی کاری خۆم بم».

دەربارەی ئەکتەرەکانی دراماکە لوقمان غەریب دەڵێ: هەندێکیان لەو ئەکتەرانەی لە هەردوو بەرهەمی (نامەکانی ئەشرەف و ڕەیحانە) بەشدار بوون، لەو بەرهەمەشدا بەشدارن، بەڵام ژمارەیەکی بەرچاو لە ئەکتەری تازە بەشدارن لەو درامایە، کە بەشێکی زۆریان تازە هاتوونەتە ناو کاری دراما، بۆ نموونە زیاتر لە (٦) ئافرەت هاتوون لەو درامایە نواندن ئەنجام دەدەن، کە ئەوەشیان هەنگاوێکی باشە بۆ پێشەوە چوونی ئاستی دراما‌ی کوردی».

دەربارەی ئەوەش کە زیاتر پشت بە کەسانی شارەزا لە کوردستان، یان لە دەرەوە دەبەستێت، گوتی: «من لەوەتەی کارم کردووە لە بەرهەمهێنانی دراماکانم، پشتم بە خەڵکی خۆمان بەستووە، لە (٤) دراما‌ی رابردوومدا پشتم بە خەڵکی خۆمان بەستووە، بەڵام وەك ئەزموونێکی تازە ویستم لەگەڵ ستافێکی دەرەوە ئەم کارە بکەم، بۆ ئەوەی بۆ منیش ڕوون ببێتەوە کەموکوڕییەکانی ئێمە چییە بە بەراورد لەگەڵ وێنەگرێك، یا کەسانێکی پشت کامێرا، کە لە وڵاتێکی وەکو ئێرانەوە هاتوون و ئەوە چەند مانگێکە لەگەڵ من کار دەکەن، دیارە ئەوانەی من هێناومن، خاوەنی چەندین کاری باشن و ئەزموونێکی دەوڵەمەندیان هەیە، بۆیە لەکاتی نیشاندانی دراماکە بۆتان دەردەکەوێ ئەم جارە گۆڕانکارییەکانی ئەو ستافە چی بووە».

دەربارەی ناوەڕۆکی دراماکە و ئەکتەرە بەشداربووەکانی دراماکەش دەڵێ: «ناوەڕۆکی دراماکە بریتییە لە کۆمەڵێك ڕووداوی کۆمەڵایەتی سەردەم کە تێیدا زیاتر لە ١٠٠ ئەکتەری ناودار و دیار و ناسراوی کورد بەرجەستەی ڕۆڵەکان دەکەن، لەوانە (حەمە ڕشید هەرەس، فرمێسك مستەفا، ئەحمەد جۆڵا، مستەفا ئەحمەد، سەمیعە ئەحمەد، قادر مستەفا، غەفوور عەبدوڵا، حەمە سەعید برایم) و کۆمەڵێك هونەرمەندی ناوداری تر. کارە هونەرییەکانیش ستافێکی تەکنیکی و خاوەن ئەزموون و شارەزای بیانی جێبەجێیان کردووە کە لە وڵاتی ئێرانەوە هێنرابوون، لەوانە (نەسوڵا کەبیری کامیرامان، جەمشید ئازموودە ساوند، فەرشاد شاحوسەینی لایتین) و چەند تە کنیککارێکی تر . جێی ئاماژەیە دراماکە لە شەوان و ڕۆژانی ڕەمەزان لە ٣ کاتی جیاوازدا لە کەناڵی کۆڕەك پەخش دەکرێت (١٠ی شەو، ٢ی پارشێو، ٢ی پاش نیوەڕوو) ئەم درامایە سەرجەم بینراوەکانی لە ناو شاری سلێمانی و دەوروبەری وێنەی گیراون و لە ئاستێکی تەکنیکی بەرزدا بەرهەمهێنراوە.